کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:57 17-8-2007

## ئەو وەڵامەی کوردستانی نوی بڵاوی نەکردەوە* ... کەژاڵ ئەحمەد

دوای ئەوەی لەلاپەڕەی ژناندا بابەتێکم بڵاوکردەوە بەناوی (قەڵەمەکانتان بشکێنن) و تیایدا دواکرد بوو ژنان خۆیان بێنە وەڵام لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بەژنەوە هەیە، نەك ڕێگەبدەن پیاوان لەجیاتی ئەوان قسەبکەن، ڤیان مەجید گوێڕایەڵی داواکەمبوو بۆیە لەژمارە (4346) ی کوردستانی نوی ی ڕۆژی 2007/8/14 دا بۆخۆی دەستی دایە نووسین و بڕیاریدا لەمەودوا مەکتەبی ڕێکخستن لەجیاتی ئەو وەڵامنەدەنەوە.



من دەبێت بە ڤیان بڵێم باشدەکەیت ئەو هەڵە گەورانە لەرێگەی نووسینە ئۆقرەلەبەربڕاو و تووڕەکانتەوە دەکەیت چونکە بەوشێوەیە ئەرکی سەرشانی ئێمە (هەڤاڵ خەجۆ و جەمیلە مەحمود و من و زۆرێك لەژنانی مەڵبەند و کۆمیتەکانی یەکێتی و یەکێتی ژنان و .. تاد) ئاسان دەکەیت و ماندوونابین بەروونکردنەوەی لەرێلادانت لەرێڕەوی بزووتنەوەی ژنانی کوردستان، پەندێکی کوردیی جوانیشمان هەیە دەڵێت کورد بدوێنە شەرحی خۆی دەکات ئینجا ڤیان زۆر باش شەرحی حاڵی خۆیدەکات.

بەشدارییینەکردنم لەکۆنفرانسەکەدا خوێنەرانی کوردستانی نوی دەزانن بەهۆی ئەوەوە بوو کەباوکم لەژووری چاودێریی وردا بوو لەنەخۆشخانەی فریاکەوتن چونکە هەر لەو ڕۆژنامەیەدا سوپاسێکم بۆئەو نەخۆشخانەیە نووسی چونکە بەهەوڵی ئەوان باوکم لەمەرگ ڕزگاری بوو، ئیتر نازانم ئەو درۆ شاخدارەی کەدەڵی لەبەر ئەو ژنەشاعیرەی تر نەهاتووە کەبەشداربووە چی لەحەقیقەتی سەرنەکەوتوویی کۆنفرانسەکە دەگۆڕێت بادڵنیا بێت لەوەی بەدیدارێك لەگەڵ ئەو شاعیرە درۆکەی ئەم زوو دەردەکەوێت و دەریش دەکەوێت چەند عەقڵی بچکۆلانەیە کە مەسەلەیەکی وا دائەتاشێت چونکە لەناوەندی ڕووناکبیریی کوردیدا ئەوانەی لەشیعر شارەزان و وەك ڤیان کۆڵەوارنین لەو بوارەدا دەزانن بۆ هاندانی لاوان و شاعیرانی ژن لەچەندین کۆڕی شارۆچکەکانی کوردستانیشدا بەشداربووم ئینجا بۆ لەناو شاری سلێمانیدا بەشدارنابم؟

بەڵام ئەگەر لەوکۆنفرانسەدا بێڕێزیی بەرامبەر بە سکرتێری یەکێتی ژنان و دەستەیەك لە ژنانی تێکۆشەری شاخ و شار و خەباتگێڕانی مەسەلەی ژنان و مافی مرۆڤ نەکرایە لەوانەبوو بەسەر خەمە گەورەکەی نەخۆشیی باوکمدا زاڵببوومایە و بەشداریم بکردایە چونکە هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن کەژاڵ ئەحمەد کێیە و بەسەر چەند کۆسپ و ناخۆشیدا سەرکەوتووە. بەڵام ئەو جۆرە هەڵە و مامەڵە ناشایستانەی لەهۆڵەکەدا ڕوویاندابوو دڵی زۆر لەکچان و ژنانیان لەبەشدارییکردن سارد کردبۆوەمنیش یەکێك بووم لەوانە.

سەبارەت بەعورفی ڕۆژنامەنووسین کە ڤیان هیچی لی نازانی چونکە بەزەبری هەرەشەی مەسئولەکان نووسین بەسەر گەورەترین ڕۆژنامەی کوردیدا فەرزدەکات و وادەکات ڕۆژنامەیەك وتاری سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەکە بڵاونەکاتەوە کە منم، ئەوا دەڵێم لەمەشیاندا دەیەوی درۆیەك بکات و نازانی چۆن ڕێکیبخات چونکە لەوتاری (قەڵەمەکانتان بشکێنن) دا بەتەنیا وەك ئاماژەیەك باسی وەڵامەکەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕاگەیاندنی مەکتەب ڕێکخستنم کردووە کەبەرگریی لەڤیان دەکات و تەنانەت ئاماژەیشم بە وتارێکی تری ئەو ڕاگەیاندنە داوە و وتوومە (ئەوە دوو جارە ڕاگەیاندنی مەکتەبی.... تاد) کەواتە ئەمە وەڵامی وتارە پڕ لەهەڵەکەی هەواڵ نەبوو تا لەوی بڵاوی بکەمەوە بەڵکو ئاماژەدان بوو وەڵامی ئەوە لەکاتێکی تردا دەدەمەوە.
لەکۆتایدا هیوادارم سەنتەری جێندەر هەوڵبدات مۆڵەتی کارکردن لەهەولێر و شوێنەکانی تری کوردستان وەربگرێت بۆئەوەی هەرهیچ نەبێت لەچوارچێوەی شارێکدا ئیدیعای نێودەوڵەتیی بوون نەکات، سەربەرزی و سەرکەوتن بۆ هەموو ژنێکی کورد کە لەخەمی بەرەوپێشبردنی ئاستی خەباتی ژنانی وڵاتەکەیدایە و سەرشۆڕیش بۆئەوانەی بەهەڵە ڕێیان کەوتۆتە ئەم بوارە و نازانن بەرەو چ ئاڕاستەیەك بڕۆن.
*خوێنەری بەڕێز ئەم وەڵامە بەهۆی هەرەشەی مەسئولێکەوە لەکوردستانی نوی دا بڵاونەکرایەوە بەڵام هەموو کەسی دەزانی ئەو مەسئولە کێیە و بۆچی وا بەرگریی لەو کچە نەخوێندەوارە دەکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.